## پڕۆژەی حەزە ووردیلەیەکان .......4



# ئیمشەو .... شەوی چاوەڕوانی تۆیە ..؟؟؟
# یان کوشتني تەمەن ؟؟؟

## جەزا چنگیانی

تۆ ... یان من ؟ کێ تاوانبارە لە کوشتنی چرکەکانی ئیمشەومان؟ تۆ ناتوانی پاکانەی تاوانەکانت بکەیت. تۆ ناتوانی پاشقول لە سات و تەمەن بگریت . من دەزانم تۆش وەك من شەیدای ئەم ژووانەیت . من دەزانم چەند کاتژمێری خەڕیکی ڕێکخستنی قژ و هەڵبژاردنی بەرگ و بۆنلێدانی سەرسنگ و بن باخەڵت بووی . من دەزانم زۆر دەمێکە ئامادەی ژوانی منی. وەلێ کەمنی تینوو لە چاوەڕوانیدا قەتیس و ئەژنۆ ووشك



وکاتسوتاو دەکەیت . دەزانم نیازت وایە ڕۆحی من بە تۆڕی چرکە یەخسیربکەیت . وەك پاسەوانی شەپۆلی ڕووباری ( NEVE )بە درێژای باڵاکەی منی چاوەڕوان بەدیلبکەیت . ئەمانە گشتی ئیستراتیجیتی نازە , ناسکە بازی سوتاندنی ڕۆحی من وتاکتیکی عەیاری و حەزی تۆیە . دڵنیام گەر سەرکردەیەکی سەربازی بوویتایە بێ کوشتنی تەنیا سەربازێك نەك

(سان پیترسبۆرگ ) بەڵكو وولاتێكی فراوانی وەك ( چین ) ت بە تاكتیكی حەز و ئیستراتیجیتی ناز بە زەردەخەنەی لێوە سێكسیەكانت لە شەو ڕۆژێك یەخسیر دەكرد . زۆر شارەزای تاكتیكی عەشقی . زۆر پسپۆری گۆڕەپانی جەنگی نێو جێگەی ڕووتی . لە شەوەكانی هەفتەی ڕابووردوودا تێگەیشتم چەند زۆرزانی . چەند بەتامی . چەند عەیاری . چەند بە ئاڵۆشی .ئا چەند گەرمی مەگەر هەر خوا و من و خۆت و بۆشای ژووری نووستنەكە و ڕۆحی سروشتی گەشی ئاوینەی دۆلابی جلەكان . فرمیسكی هەڵڕژاوی چاوی مۆمەكان . بزانن تا تەكانێكم دەدا دەرزنیٚ سەرچۆپی تەكانت لە لەشەی ڕووتی منی ژێر جەستەی ڕووتی خۆت دەدا . من دەمزانی ئەو زلالانەی لە منت دەدا , ئەو نووقورچانەی لە سمتی تورت وئەو گازانەی لە گۆپكەی سنگی تووكاوی منت دەگرت . ئەو هەموو ڕەقایەتییەی بەرامبەر بە جەستەی ڕووتی منت دەنواند . گشتی حەز و عەشق بوو نەك ڕق . بۆیە لە پێش چركەی تەواو بوون و فیچقەی تەڕی ڕۆحما .چاوە گەشە شینەكانت پڕ بەزیی و تكاتكرد , زۆر داماوانە دەنگت گۆڕرا وپاڕایتەوە . تا دوا تنۆكی شیرئاوی ڕۆحم ..لە نێو دەمتا بڕشێنم . منیش ڕشتم .

سانپیترسبۆگ02/01/2005

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de